
# دۆستە ڕاستەقینەکانی هەڵەبجەی شەهید

## ڕزگار ڕەنجەڕۆ



بەڕێز عەزیز موحەمەد  و ڕزگار ڕەنجەڕۆ ساڵی 1989 لە دیدارەکەدا ( پراگ )

تازە ساڵێک بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێپەریبوو ، سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناوەندی پڕاگ پێیان ڕاگەیاندم کە سەرکردەیەکی کورد لە کوردستانەوە هاتووە تۆش بانگهێشت کراوی بۆ ئەو دیدارەی کە لەگەڵی دەکرێت ، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی دەنگوباسی کوردستان لە نزیکەوە دەبیستم ، پاشی تۆزێ چاوەڕوانی ئەو سەرکردە بەڕێزە بەدیارکەوت ئەویش هاوڕێ ( عەزیز موحەمەد ) بوو سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، درێژەی ئەو بابەتە هەڵدەگرم بۆ نووسینێکی تر بەڵام ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەو چەند ووشەیەی هاوڕی عەزیز بوو کە ووتی "" مانگێک بەسەر کارەساتی هەڵەبجە دا تێپەڕیبوو وەفدێکی بەرەی کوردستانی بەسەرپەرشتی من لە وولاتە سۆشیالیستیەکان سوڕاینەوە بۆ پەیداکردنی دەنگی نارەزایی لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ڕیسواکردنی ڕژێمی بەعس ...!! ووتی لە دیدارماندا لەگەڵ ( میلۆش یاکێش )ی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا پێم ووت لە ئەفریقیا و فەلەستین یەک کەس دەکوژرێت دەهۆڵێکی گەورەی بۆ لێدەدەن و دونیای بۆ هەڵدەگرن ئەوە هەمووی مانگێکە ڕژێمی سەددام شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کردووە 5 هەزار خەڵکی بێتاوانی سیڤیل بوونەتە قوربانی و هەزارانیش بریندارى ئەو چەکە دڕەندەیەن ، وە بەقەد پانتایی و ڕووبەری هەموو لوبنان گوندەکانی کوردستان وێرانکراوە چاوەڕوانی دەنگی نارەزایتانین ..  بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم بێ دەنگ بوو لە ڕوخساریەوە دیار بوو هەموو ئەو هەواڵانەی دەزانی دووبارە پێم ووت ئەگەر دەهۆڵیشمان بۆ ناکوتن بە دەنگی تەپڵێکی بچوکیش ڕازین ، بێ پێچ و پەنا وەڵامی دامەوە ئەو دەهۆڵەی تۆ باسی دەکەی وا لە مۆسکۆیە برۆ بۆمانی بهێنە هەتا بۆتان دونیا کاس کەین .........""

. کورد دەڵی زۆڵە ئەو کەسەی لە کانیێ ئاوی خواردەوە بەردی تێخات ئێمە لەو کانیە ئاوی زانستمان دەخواردەوە کەچی ئەو قسانەی هاوڕێ عەزیز قینێکی بێ پایانی لا دروست کردم ئەو قسانە لە مێشکمدا پەنگی خواردبۆوە ، دەم ووت ئا ئەوانەن دۆستی چەوساوەکانی جیهان ؟ دەبێ ڕۆژێک بێت یا هەلێک ڕێک بکەوێت ئازادانە لە دەزگای ڕاگەیاندنەکانی ئەو وولاتە باسی ئێش و ئازاری هەڵەبجە و پرسی ڕەوای گەلەکەم بکەم ؟  گەیشتمە ئەو بڕوایە کە دەستی کەس پشتی کەس ناخورێنێت  قەدەر وای هێنا لە 17 / 11 / 1989 لە ڕۆژی قوتابیانی جیهانی دا لە پرۆگرامێکی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیونی چیکی لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیانی زانکۆکەمان لە پرۆگرامی ( تێلیڤیزنی کلوب مڵادیخ ) واتە پرۆگرامی تەلەڤزیونی بۆ لاوان میوانداری کرام وەک هونەرمەندێک خۆشبەختانە سەرۆکی گشتی یەکیەتی قتابیانی جیهان ( یۆزێف سکاڵا ) ش ئامادەبوو ، بە چەند کاتژمێرێک پێش دەستپێکردنی پرۆگرامەکە گۆرانی ( قاسپە قاسپی کەوان دێ لە کوردستانە ) یان بۆ کلیپ کردم لە کۆپلەی دووهەمی گۆرانیەکە کە دەڵێ ( قاسپە قاسپی کەوان دێ لە کوردستانە .. ئاشقی باڵای یارێکم ناوی ژیانە ) وێنەیەکی گەورەی بارزانی نەمر

بەدیاردەکەوت وەک سیمبوڵی بەرگری و ژیانەوە .... بە چەند خولەکێک پێش دەستپێکردنی پرۆگرامەکە دوو پیاوی زەبەللاحی چیکی بانگیان کردم ووتیان لە کاتی چاوپێکەوتن نابێ بە هیچ شێوەیەک ناوی هەڵەبجە بهێنیت ئەگینا خراپت بەسەر دەهێنین و ڕەوانەی عیراقت دەکەینەوە ، ئەو چاو و ڕاوە منی نەترساند ، ڕاستەوخۆ پرۆگرام دەستی پێکرد و تاکو نۆرەی من هات پێشکەشکاری پرۆگرامەکە لێی پرسیم تۆ کێی ؟ ووتم من ناوم ( گۆران ) ە خەڵکی شاری هەڵەبجەم ئەو شارەی ساڵی پار ڕژێمی عیراقی بە چەکی کیمیاوی بۆردومانی کردو 5 هەزار خەڵکی سیڤیلی بێتاوانی تێدا شەهید کرد ئەگەر باوەڕیش بە من ناکەن ئەوە بپرسن لە بەڕێز ( یۆزێف سکاڵا ) سەرۆکی یەکیەتی قوتابیانی جیهان ، کامیرا ڕووی کردە ( سکاڵا ) ئەویش بۆ گەواهی قسەکانی من سەری لەقاند کە وایە ((( ئەو بەڵگە گرینگە بە کاسێتی ڤیدیۆ لە کوردستان تیڤی ))) دا هەیە بەهیوام بیپارێزن ، دیار بوو ئەو قسانەی من پێسکەشکاری پرۆگرامەکەی شڵەژاند و بابەتەکەی گۆڕی و ووتی وەک هونەرمەندێکی کورد چیت بۆ ئامادە کردووین لە وەڵامدا ووتم گۆرانیەک بە ناوی ( دەنگی کورد ) ئیتر کلیپەکە تەنها کۆپلەی یەکەمی لێدرا و بڕیان . ئەو پرۆگرامە دەروازەیەکی تری کردەوە بۆ من کە چۆن دەنگی گەلەکەم بگەینمە ڕای گشتی ، هەمووی چەند هەفتەیکی بەسەر داچوو گڵۆڵەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان کەوتە لێژی لە بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیوی چیکۆسلۆڤاکیا و ڕێکخراوی پێکهاتەی نیشتیمانی ( ئۆبچانسکێ فۆروم ) بە سەرۆکایەتی ( ڤاتسلاڤ هاڤل ) دەسەڵاتیان گرتە دەست هەلێکی زێڕینی بوو بۆ ئێمەی کورد و پەیوەندی دروستکردن و گەیاندنی دەنگی کپکراوی گەلەکەمان تا ڕادەیەک سەرکەوتنمان بەدەست هێنا 03/16 / 1990 وەڤدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا بەڕێزان ( کاک فەوزی ئەسعەد ، مامۆستا قادر دیلان ، ڕزگار ڕەنجەڕۆ ) لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەو وێنەی قوربانیانی هەڵەبجە لە تەلاری سەرۆک کۆمار لەگەل ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بەڕێز ( دکتۆر ساشا ڤۆندرا ) دیدارو لێدوان بۆ ماوەی نزیکەی 2 کاتژمێر بەردەوام بوو پاشان هەر لەسەر داوای ڕاوێژکار ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە پرۆگرامی سیاسی ( کۆنتاکت )ی تەلەڤزیونی چیکی هەمان وەڤد لەو پرۆگرامەدا بۆ ماوەی یەک کاتژمێر یادی دوو ساڵەی هەڵەبجە کرایەوە پاشان بە دەیان چالاکی تری زۆر گرینگ کرا کە شایەنی ئەوەیە لە بابەتەکانی تر دەستیان بۆ درێژ بکەم ، بەتایبەتی نامەی سەرۆک بارزانی بۆ ( ڤاتسلاڤ هاڤێڵ ) سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا ، ئەوەی کە لەم بابەتەدا مەبەستمە دۆستی ڕاستەقینەی چەوساوانە لە 10 / 03 / 1990 نامەیەکم بە هاوکاری مامۆستام دکتۆرە ( ئەدێلا کرژیکاڤۆڤا ) بۆ یادی دوو ساڵەی هەڵەبجەی شەهید ئامادەکرد کە لە ڕێگای ئەو نامەیە ناڕەزایی و تووڕەیی ڕای گشتی چیکۆسلۆڤاکیا بە ئیمزا کۆبکەینەوە لە دژی ئەو تاوانە دڕندانەیەی ڕژێمی بەعسی فاشی ئەوش دەقی نامەکەیە بە زمانی چیکی


V polovině března 1990 uplynou dva roky od tragédie kurdského města Halabdža v iráckém Kurdistánu. Toto pokojné město se dne 17. března 1988 stalo terčem nenadálého a bezdůvodného útoku iráckých bombardérů, při kterém bylo použito mezinárodně zakázaných chemických zbraní. Prudce jedovaté plyny přinesly smrt pětitisícům nevinných civilistů a dalším asi desetitisícům způsobily různá zranění a těžké popáleniny.

V předvečer druhého výročí hrůzného masakru vyjadřujeme jakožto představitelé čs. veřejnosti rozhořčení nad tímto zrůdným aktem iráckých úřadů. Jsme solidární s kurdským lidem v jeho těžkém boji za svá národní práva a podporujeme zápas všeho iráckého lidu, Kurdů i Arabů, za okamžité propuštění všech politických vězňů, za dodržování základních lidských práv, za skončení s totalitní vládou a vytvoření demokratického pluralitního systému v Iráku.

**دەقی نامەکە بە زمانی کوردی**

**لە ناوەراستی مانگی خاکەلێوەی سالی 1990 دوو سالٔ تێدەپەرێت بەسەر تراژیدیای شاری هەلٔەبجە لە کوردستانی عیراقدا . ئەو شارە ئارامە لە 17 / 03 / 1988 کەوتە بەر هێرشێکی درندانەی فرۆکە چاوەروان نەکراوی عیراقی ، لەو هێرشەدا چەکی قەدەغەکراوی جیهانی بەکار هات ، ئەو گازە ژاراویە بووە هۆی شەهید بوونی 5 هەزار خەلٔکی بێتاوانی سیڤیل و نزیکەی 10 هەزاری تریش جۆراوجۆر بریندار بوون لە وانە بەسەختی سووتانی پێست . ئەم ئێوارەیە دوو سالٔ تێدەپەرێت بەسەر ئەو تاوانە درندانەیە بۆیە ئێمە وەک نوێنەرانی فەرمی گەلی چیک تووڕەیی و نارەزایی خۆمان دەردەبرین بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیەی رژێمی عیراقی . ئێمە هاوکار و پالٔپشتی گەلی کوردین لە خەباتی سەختی دا بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەیەکانی لە هەمان کاتدا پالٔپشتی داوا رەواکانی گەلی عیراقین بە کورد و عەرەب وە کە دەست بەجێ زیندانیە سیاسیەکان ئازاد بکرێن و کۆتایی بهێنرێت بە رژێمی تاکرەوی تۆتالیتاری و ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتی فرە حیزبی لە عیراقدا .**

**ئەو دۆستە ڕاستەقینانەی کەوا تووڕەیی و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو تاوانە دڕندانەیەی ڕژێمی بەعس و هاوکاری و پاڵپشی خۆیان دووپاتکردەوە لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ئەو کەسیاتیە ناودارانەی چیکۆسلۆڤاکیا بوون به داوای لێبووردنەوەش کە ناکرێت لەم نووسینەدا سەدان ناو بڵاو بکەمەوە بۆیە تەنها کەسایەتیە ناودارەکانم هەڵبژارد کە ئەو بەڕێزانە بوون : –**



V polovině března 1990 uplynou dva roky od tragedie kurdského města Halabdža v iráckém Kurdistánu. Toto pokojné město se dne 17. března 1988 stalo terčem nenadálého a bezdůvodného útoku iráckých bombardérů, při kterém bylo použito mezinárodně zakázaných chemických zbraní. Prudce jedovaté plyny přinesly smrt pětitisícům nevinných civilistů a dalším asi desetitisícům způsobily různá zranění a těžké popáleniny.

V předvečer druhého výročí hrůzného masakru vyjadřujeme jakožto představitelé čs. veřejnosti rozhořčení nad tímto zrůdným aktem iráckých úřadů. Jsme solidární s kurdským lidem v jeho těžkém boji za svá národní práva a podporujeme zápas všeho iráckého lidu, Kurdů i Arabů, za okamžité propuštění všech politických vězňů, za dodržování základních lidských práv, za skončení s totalitní vládou a vytvoření demokratického pluralitního systému v Iráku.

JUDr. Pavol R y c h e t s k ý
Generální prokurátor ČSR

RNDr. Saša Vondra
Poradce prezidenta ČSSR

ústřední ředitel ČTK

Věra Čáslavská
poradkyně prezidenta ČSSR

Prof.dr. Jiří Hájek, DrSc.
člen korespondent ČSAV
předseda Čs.helsinského výboru

Doc. RNDr. Radim P a l o u š,CSc.
rektor Univerzity Karlovy Praha

Jan C h u d e m e l
člen Mezinárodního parlamentu pro bezpečnost a mír
člen Čs. přípravného výboru Helsinského občanského shromáždění

doc. Dr. Jaroslav Š a b a t a, CSc
předseda zahraničního výboru SL Federálního shromáždění ČSSR
předseda přípravného výboru Helsinského občanského shromáždění

předseda Čs. sdružení "Za Evropský dů

šéfredaktor ÚRTN

Ústřední ředitel Čs. televize

Dr. Ladislav L i s
předseda branně-bezpečnostního výboru SL Federálního shromáždění ČSSR

doc.dr. Miloslav Petrusek
předseda Masarykovy české sociologické společnosti

Ing. Slavomír K l a b a n
předseda Celostátního přípravného výboru obnovené Čs. sociální demokracie

Jan Mach
zástupce šéfredaktora Květ

Vladimír Branislav
šéfredaktor HRPDM

Jaromír Kincl
zást.šéfredaktora HRPDM

předseda Čs. strany socialistické

ناوی دۆستەکان وپلەی خوێندنیان و پیشەیان

یەکەم / – پاڤێل ڕیخێتسکی – دکتۆرا لە یاسا ( سەرۆکی دادگای باڵای کۆماری چیک )

دووەم / – ساشا ڤۆندرا – دکتۆرا لە دەروونناسی ( ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا )

سێ یەم / – پێتر ئول – ماجستێر لە ڕۆژنامەنووسی ( سەرۆکی گشتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی چیکۆسلۆڤاکیا )

چوارەم / – ڤێرا چاسلاڤسکا – ماجستێر ( ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا )

پێنجەم / – یرژی هایێک – پرۆفێسۆر دکتۆر ( ئەندامی کۆڕی زانیاری ئەکادیمیای چیکۆسلۆڤاکیا ، وە سەرۆکی لێژنەی ڕێکخراوی چیکی – هێلسینکی بۆ مافی مرۆڤ )

شەشەم / – ڕادیم پالۆوش – پرۆفێسۆر دۆکتۆر ( سەرۆکی زانکۆی کارلۆڤۆ لە چیکۆسلۆڤاکیا )

هەفتەم / – یان خودۆمێل – ( ئەندامی پەرلەمانی جیهانی بۆ ئاسایش و ئاشتی لێژنەی هێلسینکی ، ئەندامی لێژنەی ئامادەکردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی هێلسینکی ) .

هەشتەم / – یارۆسلاڤ شەباتا – پرۆفێسۆر دکتۆر ( سەرۆکی پەیوەندیەکانی دەرەوەی لێژنەی ئەنجومەنی بالای نیشتیمانی فیدرالی چیکۆسلۆڤاکیا ) .

نۆیەم / – ئەلێکساندەر ئۆرت ( سەرۆکی یەکگرتووی چیکی بۆ مالی ئەوروپا ) .

دەیەم / – یرژی کانتیس ( بەڕێوەبەری گشتی تەلەڤزیۆنی چیکی ) .

یانزە / – یان شکۆدا ( سەرۆکی پارتی سۆشیالیستی چیکی ) .

دووانزە / – زهێڤێت هۆویس ( بەڕێوەبەری ڕادیۆی چیکی و سەرنووسەری گۆڤاری ڕادیۆ )

سێزدە / – لادیسلاڤ لیس – دکتۆر ( سەرۆکی لێژنەی پاراستنی ئاسایش لە پەرلەمانی فیدرالی چیکۆسلۆڤاکی ) .

چواردە / – میرۆسلاڤ پێتروسێک – پرۆفێسۆر دکتۆر ( سەرۆکی ڕێکخراوی مەسەریکی کۆمەلناسی چیکی ) .

پازدە / – ئەلێکساندر ئۆرت – ( سەرۆکی یەکگرتووی چیکی بۆ یەکگرتنەوەی مالی ئەوروپا )
.

سێزدە / – پێتر کرول – ( سەرنووسەری گۆڤاری گشتی هەولەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن ئرتن
. )

چواردە / – یرژی کانتیس – ( بەڕێوەبەری گشتی تەلەڤزیۆنی چیکی ) .

پازدە / – بۆهومیل سڤۆبۆدا ( جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی گەلی چیک )

ئەمرۆ یادی بیست سال تێپەڕبوونە بەسەر ئەو کارەساتە مەزنەی کە بەسەر گەلەکەماندا هات ، هەر لەیەکەم ڕۆژدا دۆستە ڕاستەقینەکانمان دەنگی نارەزایی خۆیان هەلبڕی کەچی بەرژەوەندیە گلاوەکانی جیهان کەڕو لال بوون بەرامبەر ئەو دەنگانە ، ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە ئەو دەنگانەی کە ئێستا لە ژیان دا ماوون بەسەر بکرێنەوە و تەنها گولێکی تازەپشکوتووی هەلەبجەیان لە سینە بدرێت ، من هەر دەم لەو بڕوایەدا بوویمە کە گەلی کورد خاوەنی زۆر دۆستی ڕاستەقینەیە کەچی بەپێی پێویست هەلسوکەوت لەگەل ئەو دۆستانەدا نەکراوە ئەوەتا لەکاتی ئەو نووسینەم دا ئاگاداری ڕۆژنامەنووسی چیکی بەڕێز ( پێتر کوبالێک ) م کرد داوای ئەو بەلگانەی لێکردم کە ئەویش لە یادی بیست سالەی هەلەبجەدا ئەو بەلگانە لە ڕۆژنامەکانی چیکی بلاو دەکاتەوە ، ئەو بەڕێزە بێبەرابەر مالپەڕێکی ئینتەرنێتی بە ناوی کوردۆڤیێ تەنها بۆ پرسی کوردو کوردستان تەرخان کردووە و سەرپەرشتی دەکات جگە لەمەش چەندین سالە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی چیک و سلۆڤاکی خامەکەی تەرخان کردووە بۆ پرسی ڕەوای کورد ، ئەی ئەوە بە چاوی خۆمان نابینین کە دۆستە ڕاستەقینە کانمان داوای فەرمی دەکەن لە پەرلەمانی هۆلەندا کە مۆنیومێنتی هەلەبجەی شەهید لەو شارە دابمەزرێنن کەوا دادگای دادپەروەری نێونەتەوەیی لێیە ، ئەی دۆستە ڕاستەقینەکانی گەلەکەمان نەبوو کە تاوانباری چەک فرۆشی کیمیاوی ( فرانس ڤان ئەنترات )یان بە تاوانی خۆ گەیاند . ئەوانەی دوێنی و ئەمرۆ دۆستی ڕاستەقینەی گەلەکەمان بووینە ئێستا گلێنەی چاو و دەنگی کپنەکراوی شەهیدانی هەلەبجە و ئەنفالن .